# قەرەجترین..

هۆڵەندا - ڕێباز مەحمود
کۆتایی 2007
rebazmahmud@hotmail.com

پێشکەشە بە خۆم لە تۆدا کە نازانم تا چەندێك دێت و ئەم چامەیەم لەگەڵدا دەخوێنێتەوە ..پێشکەشە بە تۆ لەخۆمدا کە لە یەکەمین دلۆپەوە ئەم جۆگەلەیەم لە خورەی نوسیندا چاوساغی دەکات !

قەسیدەیەك لە ناخمدا کەوتۆتە جۆلانێ کردن
سەر ئەدات لە بنمیچی ڕۆحم و دەگەڕێتەوە بۆ خوارەوە
سەر ئەدات لەو تەژانەی پەڕەسێلکەکان
لە بەرهەیوانی ڕاماندا پێیانەوە
بە دەنوك قوڕیان هێنا بۆ دروست کردنی
هێلانەی بەچکەکانیان.
دوای سەرجەم هاتن و ماڵئاواییەکان ،
سەر لەنوێ جیهانم خۆی نیشان دەداتەوە
خۆی لە خەیاڵدانی زەمانەوە
بۆ سەر کتێبەکانی ڕەنگ دا دەڕێژێتەوە
تارماییەکان چەپك چەپك لە ئینجانەی فەرامۆشیدا
لێواری پەنجەرەکانی وجودیان ڕازاندۆتەوە
ڕاچڵەکانێکم پێی وایە
ژیان ئەو ئاوەیە کە هەمیشە بینی پێوە دەنێین و
کەچی بەردەوام تینومانە..
دڵیشم دەڵێت : ژیان ،
ئەو دەنگی پێی بارانەیە لەسەر شۆستەکانی بێئۆقرەیمدا
بەر گوێم دەکەون و
بیرم دێتەوە منیش لێرەم..
لە پەناو پەسێوێکەوە ،
هەموو دنیامت لەسەر باڵی پەپولەیی خەندەیەك هەڵگرتوو
گەیاندتە دەروازەیەك
لە سەر دەرگاکەی نوسراوە:
)بە خێر بێن بۆ دەڤەری ئەفسانە(
بەخێربێن بۆ ئەو نیشتمانەی هیچ ڕۆژێکی
لەوی تر ناچێت و
پێکیشەوە نەبێت .. نوقسانیەکن لە جوانی.
لە بەردەم سامناکی زستانەکانیشدا،

ڕنوو ڕنوو ڕوانینم لە سەر بەفرێك دەنیشێت
لە زەقیاتەکانی خۆمدا لە ژیان باریوە.
لە سوچێکی بەهاریشمەوە
من لە دوورترین مێرگەکانی خۆمەوە
ئەی قەرەجترین پەنا
جێمانم وەها تووشی خەو زڕانێك بووە
بەسەرچوون ، ئەو بەتانیە چڵکنەی کە منالێمی داپۆشیوە
تەوژمی ئەم هەڵکردنەم وا ڕایدەماڵێت!!
بە پێی پەتی لە جێگاکەم ڕادەبم و
دێمە دەرەوەی
ئەم ڕۆتینی بەردەوام لە فەرامۆشی جێمانە..
بۆڵێك ترێ هەڵدەگرمەوە و
پێی دەڵێم : چۆن بوو نەخوراوی ؟
کەشەفەیەك شەوچەرە لە هەیوان جێماوەو
میوانەکانمان ئێستا
هەریەکەیان و لە شوێنێك تۆز دەکەن!
ڕەنگە هەیانبێت ئێستا بە کۆشێك مندالەوە
کرێچی دنیا بن
هەشیان بێت خۆیان لە هەموو قەرزێکی ژیان
پاك کردبێتەوە و
پاڵیان لێی دابێتەوە!
ئەوان ، میوانە قۆشمە و هاکەزابیەکانی ئێمە
کە شەوگاریان بە کلافەی ڕەنگاوڕەنگی قسە دەچنی و
سادەییان چڵ بە چڵ لە تریفەی مانگەشەو
دەکردەوە و
سیگارەکانیان دوکەڵی ئەو ڕۆژانەی لێ بەرز دەبووەوە
کە لە گوندە نسرمەکەی خۆمانەوە
ئاگریان دەدان..
ئەوان.. ئێستا ئیتر هاموشۆی ئێمە ناکەن
بە شەرتێك دڵی خوڕەی ئاوی کۆڵانەکەمان
لە ماڵ ئاوایی شەنگەبییەکانی بەر بانیژەکەمان
زویر نەبوە و
وەك جاری جاران
بەدەم یەکەوە دەتریقێنەوە.
ئەزیزم ئەی قەرەجترین مانا
کەوا هەمیشە نوێ دەبیتەوە و هەبوونی تۆ بە مانای
هەبوونی ژیانێکە بە هەموو سێبەرو و جوڵە و
ڕەنگ و دەنگێکەوە ..

تەماشاکە وا ئێستا ئارامترین هۆگری ئەوسای من
لە جێگای لە مێژە ڕاخراوی فەرامۆشی
بەرزە پێ ڕاست دەبێتەوە و
چاوانی خۆی دەگڵۆفێ و
بە هەر چوارلادا دەڕاونێ و لەوە تێدەگات ، :
ئیدی کەلەگیە گەورەکەی جارانمان چۆڵ و هۆڵە..
نە دایکم زۆپاکە دەم دەدات تا بەربەیانە ساردەکان
دەست و پەنجەی تەزیویان گەرم بکەنەوە و
نە باوکیشم لە مزگەوتەوە کۆخە کۆخ بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە
ئێستا ئیتر ئاوایی جێ نزرگەی ئەفسوسە..
بەڵام هەمووکات من خۆم لە دەست مەلوولی
ڕادەپسکێنم و
بە ناو شەوە تاریك و بێدەنگەکانی ناو چاوەکانتا
بەبازێك خۆم دەگەیەنمەوە لای منالّی
کە لە گوندێکدا بڵاو بۆتەوە و
ئاسمان بۆ ئەو تەنها چەرچەفێکی شین بوو
بۆ داپۆشینی شان و ملی ڕووتەڵەم
نەك ڕووبەڕووبونەوەیەك بۆ تێڕامان لە بێسنووری ونبوون !
لەوێ هەر جارێك سروشت لە بەهاراندا
خۆی لە ژێر ڕێژنەی باراندا دەش..ت
ڕۆحی من عاشقانەتر خۆی بە ئامێزی جوانییەوە دەنوساند
ڕازی ئەو ڕۆژانە بەهەر کەسێك بێت
ژیانی چراخانە
سیحری ئەو ساتانە نازانم کەوتۆتە لای کێ
بەڵام ئەوەم لێ سوورە
تەمەن نوێنی ئەو ڕۆژانەی قەد کرد و
جل و بەرگی ئەو هەموو ئینتیمایەی
لە بۆفیە کۆنەکەی خۆمان ئاخنی و
سوار با سەرمەستەکانی خۆی کردین بەرەو ئێرە......
ئێرە ، دەکەوێتە قاقای پێکەنین
هەرجارێك من دەڵێم : بهێڵە با بگەڕێمەوە.
ئیتر دەبێت بکەومە پڕمەی گریان
هەرجارێك تەمەن دەڵێت :( من بە قسەی ڕەوتی ئاو ناکەم. (
تەمەن جارجارە
هەندێك وردە زەنگیانەی ئەو ڕۆژانە
لە بنی گیرفانی شرواڵە کۆنەکانی خۆیدا
دەدۆزێتەوە و
بە دەم بزەیەکەوە دەڵێت:

ئەو کاتانە باو باوی هۆنینەوەی
شیعر و جوانی و ملوانکە بوو
بۆ گەردنی یار.
ئەو کاتانە مزری ڕێواسی هیچ شاخێکی عاسی
هێندەی تامی ماچێك مزر نەبوو!
دەنكێك زەنگیانەی شینم پیشان دەدات و دەڵێت :
تۆ کە گەشتویتە کەناری دەریاکانی جیهان و
پێت وایە بڵێی ڕەنگە
شەپۆل وازی لەگەڵ خەیاڵمدا بکات و
شینایی بە دەممەوە پێبکەنێت
بەڵام گوێ بگرە:
ئەوسا ئاسمان لە ئاواییدا سەروەر بوو لە جوانیدا
دەریاکان مشت مشت لەوێوە خۆیان بەدیاری وەرگرت و
بە ناو قاقڕی ئەم دنیایەدا ،
بۆ سوکنایی دڵی مەردوم بڵاو بونەوە..
تەنانەت ڕەنگی یەك بە یەکی پەنجەرەکانی ئاواییش
شین بوون - شین!
بەڵام تەمەن لە بەرزاییەکانی خۆیەوە
بە عادەتی ساردی ڕۆحی باو
زللە قایمەکانی جارانی مامۆستاوە
من لەگەڵ خۆی پەلکێش دەکات و
ئەمڕۆم بۆ دەکاتە تاراوگەی دوێنێ و
ئەو لە هەنگاو نانی خۆی هەر ناکەوێت
سبەینێم بۆ دەکاتە قیبلەی ئەمڕۆ و
خەریکم دەکات بە داخستنی بەرماڵەوە
بۆ نوێژەکانی ئومێدەوار بوون.
دوێنێم بۆ دەکاتە سندوقی مەحاڵێك
کە ڕەونەقە ڕونەکانی لە خۆیدا هەڵگرتووە و
کلیلی هیچ حیکمەتێك منالّی پێ نەکرێتەوە..
جگە لە ڕۆحێك کە بەدەست ئەوەوە
بۆتە ئەسیری زەمانەکان.
بەڵام من لاساری دەکەم لاساری
دەقیقەکانی ئێستام هەمووی خەرج دەکەم و
گۆشەیەك خەیاڵ و
بستێك هێمنی پێ دەکڕم بۆ پاڵدانەوەی ڕۆح..
تەمەن خۆی تەسلیمی زەمانەکان دەکات و
من دەمەوێت ،
شوێن پشی پشی ڕۆژگارە درۆزنەکان نەکەوم

من دەمویست لە دڵفراوانی چڵێك هەڵسدا
بە ئەندازەی عومری پەپولەیەك
لەو پێشوازیەدا بمێنمەوە کە بۆم ڕاخرا و
دڵنیام لەوێدا عەشق هەمیشە ئاونگی لێ دەتکێت..
عاشق بە جوانترین ڕێگادا دەگاتە مەعشوقەکەی خۆی..
لە ناو نەرمایی بنا گوێی چڵێك هەڵسدا
ڕیوایەتێك هێلانەی چێ کردووە و
عەشق لە سەر هێلکەکانی جوانی کڕ کەوتوە
لە ناو سەوزەگیای خۆشەویستیدا
ڕاکشان : یانی هێور کردنەوەی هەموو دنیا لە ناڵە و هاوار..
نوستن : یانی خەو بینین بە نوری خوداوە ..
من لاساری دەکەم لاساری
تەمەن بۆ هەر کوێم دەبات شوێنی دەکەوم
مادام ئەمە قەدەری منە
وەلێ لە هەموو دەڤەرەکانەوە من دەزانم دەبێت
ئاوڕ بۆ کوێ بدەمەوە
ئەوەش دەزانم
هەڵکەندنی بنەگۆزروانێك ، ئاڵەکۆکێك
چۆن منداڵیمی بە چێژاوێك پاراو دەکرد
کە سەرچاوەکەییم ئیدی وون کردوە.
ئاوڕدانەوە پەنجەرەیەکی لەوە بچوکترە
ئەودیو تەمە ساردەکانی ناو ئەم حەوشە قەبزانەی
گەورە بوونی پێ ببینین
بەڵام دەشێت
هەزاران چۆلەکەی بن گوێسەبانەکانی پێ ببینین و
لەوەحاڵی ببین لەناو چ کرێوەیەکدا ،
ژیان بەسەر دەبەین !
ئاوڕدانەوە
ڕوخسەت وەرگرتنی شۆخێکە لە قەرەباڵغترین ئاهەنگی سەری ساڵ
دوای دڵنیا بوون لە نەهاتنی خۆشەویستەکەی و
گەڕانەوە بۆ ناو کۆڵانە جێماوەکانی دەرەوە و
پیس بوونی جلە تازەکانی بەری
بە هۆی ڕەتەڵ بردنیەوە بەسەر گۆمێکی قوڵ
لە بێهودەییدا..
هەندێك جار ئاوڕ دانەوە
گزی کردنە لە گەشترین پێکەنین و
سەردانی کردنی دور ترین قوڵپی گریانێکە لە مێژوو .
ئاوڕدانەوە

ڕێگای داگەڕانەوەی هەر موسافیرێکە
بۆ لای ئەو ناسنامەیەی
بیری چوو لەگەڵ خۆیدا هەڵی بگرێت و
تازە قەت ناشتوانێت بیهێنێت..
ڕیگای پەشیمان بوونەوەی هەموو جۆرە
سەر هەڵگرتنەکانە
لە مەنفاوە ڕوو بە نیشتمان ،
لە کاتێکدا ( پەشیمانی هیچ دادێك نادات. (!
تەمەن قوتابخانەیەك بوو
هەموو دەرسە تاڵ و شیرینەکانم تیاخوێند و
هەموو ساڵەکانی خۆم خستە بەر خوێندن و
فێری ئەوە نەبووم چۆن دەکرێت
بگەڕێمەوە بۆ لای ئارامی
ئارامییەك ، کە بەردە وردەی دەستی مناڵان
ئەگەر بیشیشڵەقاندایە ،
جوانی پێی دەکەوتە شەپۆلدان..
ئارامی سەوزایی بەشدانی ڕوانینم بوو لە لایەن گەڵاوە
ئارامی هەڵزنان بوو بە دیواری پێکەنینا
بۆ لای هێلانەی کۆترەکان
ئارامی خواردنەوەی ساردیەکی کەللەتەزێن بوو
لە پاش نیوەڕۆیەکی گەرمی چلەی تەموزدا و
لە ژێر کەمێك سێبەری ئاشناییدا..
هەڵپچڕینی پسکیتی هەشتی و
هەڵمژینی بۆنی ،
لاپەڕەی کتێبی تازە و
فێڵ کردن بوو لە وەزیفە بێتامەکانی مامۆستا و
عەشق کردنی بە دزیەوە بوو لەگەڵ یاریە یاساغەکانی کۆڵان !
ئارامی دەکەوتنی وەرزی هاوین بوو..
کە لەگەڵ گەیشتنیا
مامۆستاکانی ئیزن ئەدان بۆ ماڵەوە و
مەکتەبی تووڕ هەڵئەدایە ناو بیرچونەوە و
ئێمەی داوەت دەکرد
بۆ ناو خۆڵەپەتێ ی کۆڵان و
بۆ بەردەم شۆڕ بوونەوەی هەموو میوە شیرینەکانی دڵفراوانی و
بۆ بەردەم تێگەیشتن لە ماناکانی پێگەیشتن و
بۆ بای باڵ دانی زیتەڵەییمان..
بۆ ناساندنی مناڵیمان
بەو هەموو خۆشحاڵیەی لە ڕەوەز و کانی و

لە گەرووی باڵندەکانیەوە ،
دەهاتنە پێشوازیمان.
ئارامی ، ڕاکردن بوو بە تولەڕێی بەهاردا
بۆ ناو قەرەباڵغی دەمەو عەسرێکی بنار ..
ئاودانی دێبەران بوو
بە بەردانی ئەستێری تریفەی مانگەشەوو
تێراو بوونی ڕۆح
بە دەنگی خوڕەی ئاو و
دەنگی دەمی بێڵ
ک بەر ناسکی بەربەیان دەکەوتن!..
شکۆفەی گوڵی چوالە بوو
وەك یەکەم دەست ودیاری بەهار
بۆ توند پێداگری ژیان لەسەر خوڵق کردنی خودا..
ئارامی ، دۆزینەوەی هەر سات ناساتەی تاکی پاپوچەکەم بوو
لە بن بڕێك ترۆزیدا ،
کە بە دەستکیسەی دێراوێکی سۆعبەتچی
لێی دەشاردمەوە.
ئارامی ، تەماشاکردنی خەوتنی نەنکم بوو
لە ژێر سۆزی جاجمێکدا .. دوای دورینەوی کونی گیرفانی شڕواڵەکەم و
بیرچوونی گیرفانی دڵم کە لەو ساتەوە تا ئێستا
جوانترین شتی دنیام لەوێوە لێ کەوتوە و
کەسێك پەیدا نەبوو بڵێ :
ئەرێ کابرا وابزانم
تۆ لەو ڕێگا عاسیانەی ژیانەوە هاتووی
من ئەم خەونە ڕژاوانەم دۆزیونەتەوە ،
هی تۆ نین ؟
تەمەن لە هەموو دووریەکانی خۆیەوە لەو ڕۆژانەم
خەریکی ڕاوێژە بەدڵ
خەریکی مشت و مڕی بەردەوامە لەگەڵ پیاوە ڕەشتاڵەکەی ڕۆحمدا
کەچی دواجار هەر مل دەنێت و ڕاناوەستێت
بە دوو چاوی نوقاوەوە
دەڕوات و لەبەر خۆیەوە دەڵێت ئەوەی بەسەریا دەڕۆم دوێنێیە
نەك ڕێگا سەخت و دژوارەکان..
ئەوەی لە ژێر پێمدا ورد و خاش دەبێت بیرەوەریە
نەك فرسەتە زێڕینەکان..
کە سەریش هەڵدەبڕم
وەك بەربونەوەی کەرتەشاخێك بۆ ناو خەرەند
وەك خزینی تاوێرێك سەر بەرەو ژێر

من هەمیشە لە شۆڕ بونەوەدام
بەرە و منالّی.
بەشوێن خەندەی جێماوی خۆردا کە بۆ دیدەنی من هاتبونە ئەو ناوەی بوون
کە پێڕانەگەیشتم هەموویان ببەمەوە بۆ مالّەوە و
بەدایکم بلّێم : ئەمانە ناسیاوی خۆمانن و
هاتوون شەوە ساردەکانی مەراقی ئێمە
گەرم بکەنەوە..
تازە تەنها دەبێت وەك تنۆکی باران بەرەو لایان
سەر بەرەو خوار ببمەوە..
وەك دلّۆپی شەونم بەسەر لەپی گەلاّی حیکمەتی خۆمەوە
چارم نیە جگە لەوەی سەر بەرەو ژێر بەر ببمەوە.
من دەڕژێم و
تۆ لۆمەم مەکە ئەی قەرەجترین جوانی
ئەی بێ دەڤەرترین موسافیر
ئەی نەوەستاو ترین تورەیی
کە ئەمەش قەدەری منە و
جێ بە خۆم ناگرم.
کە چاو لە بەر بونەوەی قۆخێکی پێگەیو دەکەم
بۆ بنی دنیا ..
بەر لەوەی هیچ دەستێك لە خۆمم بکاتەوە
ئەز دەخوازم خۆم بەر ببمەوە
بۆ ناو ئەو حەوشەیەی
کە دواجار مردن بۆ ژیانی گسك دەداتەوە ..
کێ نالّی بەر سەری
کزۆلّەترین چاوەڕوانی ناکەوم و
کێ نالّێ دالّغەیەکی تۆ ناخەمە پێکەنین ؟
تەمەن هەمیشە بەدەم هەناسە بڕکێوە
ماوەیەکی دۆزەخیە
هەر خۆی دەکات بە شارە سیخناخەکاندا
لە سەرقالّی و
سێبەری (ژمارە...) یەك دەدۆزێتەوە و
لە بن ڕیفرێنسێکدا
ئارەق کردنەوەکانم بە جیا دادەنێت..
من هەمیشە لە دەرگای دەرەوەی تەمەنمەوە
هەلّوەستەیەك دەکەم و
بۆ ئەوەی زۆرترین ونبوونی خۆم و
تۆزقالّێك ئارامی بدۆزمەوە
هەمدیسان جانتای سەفەرم دەکەمەوە شان و

بەرەو لادێی پڕ باخ و باخاتی شیعر
ماڵ و کۆچم دەگوێزمەوە.
تەمەن هەمیشە ئەوەم دەداتەوە بە ڕوودا
کە من کەللەڕەقی دەنوێنم لە چوون بۆ هەموو شوێنێك و
هەمیشە لە ناو ئەو ماڵە سادانەشدا
خەریکی خەوبینینم
کە لە زەوی و زاری ئەودان..
بەردەوام لە سەر ئەوە بە گژما دێت
خۆمی لێ ئەدزمەوە و
من دەزانم ئەو لە ناو دژوارترین دنیادا
دێت و دەچێت
وەلێ ئەو نازانێت من ڕۆژانە بۆ کوێ دەچم!
ئاە ..ئەی قەرەجترین جوانیم
من وامدەزانی تەنیا تەمەنی من ڕەزیلە
لەوەتەی هاتووم قەرزێکی دێرین و کۆنی مردنم لایە
کە ژیانی خۆمە و
هەموو جارێك کە دەیبینم خۆم لە گێلی دەدەم..
سەر دادەخەم و
خۆم بە کۆ کردنەوەی گۆرانیەکی ڕژاوەوە
خەریك دەکەم..
لە ناو ئەو ئاپۆڕای ترس و لەرزەدا
ئومێدێکی ئاشنا بە قسەوە دەگرم و
خۆم بەسەیر کردنی چرچەکانی دەم و چاویەوە دەخافتێنم و
پێی دەڵێم : ماشەڵا باش ماویتەوە!
مردن مۆڕەم لێ دەکات .. سەر خۆمی ناهێنم و
بەردەوام دەستی پێ دەکەم و
بە نیازیش نیم وا زوو بیدەمەوە..
بەڵام دڵنیام مردنیش قەرزاری تۆیە
چونکە هەرجارێك تۆ دەگەیتە لام
مەرگ بەو هەموو سام و دەستڕۆیشتوویەی خۆیەوە
کەس نازانێت چۆن ئەوەندەی بڵێی یەك و دوو
خۆی وون دەکات!
تۆ هەر ساتێك دەگەیت
من لە پەنای تۆوە ڕوونتر ژیان دەبینم و
قوڵتر لە خۆم ورد دەبمەوە
تۆ لە ڕۆژە سەرەتایەکانی هاتنمەوە
هەرجارە و بە سواری تنۆکێك ئاونگەوە دێیت
بۆ ناو بەیانیە خەواڵووەکانی من.

لە خۆرەوە بەردەوام
بە پرشنگدا خۆت دائەهێڵیت
بۆ سەر زەوی چاوگێڕانم
شەوانێکی دانستە هەن خەڵکی پێیان دەڵێن :
شەوانی نەزیف بەربوونی تریفەی مانگ
دنیا خۆی ڕووت دەکاتەوە و
هەریەکە و خواخوایەتی پڕژەیەکی شادمانی
لەم ژیانەدا پیا بپڕژێ و
هەرکەسەو دەیەوێت
کەمێك عەتری شادمانی لە بنا گوێی خۆی بدات و
بە ئێوارە دڵتەڕەکانی خۆیدا بڕوات بۆ کچێنی..
بڕوات بۆ کوڕێنی..
تۆ دەمێکە لە خۆرئاوا دەڕوانیت و
لە بەر خۆتەوە پێم دەڵێی
ئاوی ئەمڕۆ
تینوێتی دوێنێی پێ ناشکێت..
هەمیشە لە نزیکەوە
دەڕوانیتە ڕووگەی بەفر کە لەسپێتی سیمایدا
قوڵ بوونەوەیەکی ئیلاهی تیا خەوتوە..
لە دڵی مندا قەت وون نەبویت
هەر سەرم بەرز کردبێتەوە
هەستم بە خشپەی ڕەت بوونی سرکیت کردووە
کە خەریکی ئاودانی ئەو دەورو بەرەم بووە بە نوور..
لە سەردەمێکدا
کە شەڕە گەورەکان ئاگریان لە ئاوەدانی و
لە نزاری چڕو پڕی ئاسمان بەر دەدا
من لە تەنیشت تەبارە نەدیدەکانی تۆوە
دەکەوتمە کوژاندنەوەی لەحزە گڕتێبەربوەکانم..
جەنگ هەموو یادگارەکانی دەدزیم و
دەست بەتاڵیمی بۆ ئەتك
لای ڕۆژە ئەڵقە لە گوێکانی خۆی جێدەهێڵا
بەڵام من ماڵێکی چراخانم لە خەیاڵی تۆ هەبوو
جەنگ ئێستا و ئەوساش نەیدۆزیەوە!
شەڕ تا گەرمتر بوایە ،
نیشتمان زیاتر توشی دانەچۆقە دەبوو
لەرز دەچوە گیانی نیشتمانەوە و
لێفەی شڕی قەناعەتە چڵکنەکانی ئێمە
لەوە کۆن و کورت و دڕاوتر بوون

نیشتمان بێزی بێتەوە
بێتە ژێریان !
ئەو ڕۆژانە .. گوێم لە دەنگی گریانێك بوو
لە دڵی تۆوە بەحاڵ نوزەی دەهات
تومەز گریانی نیشتمان بوو
کەس نەیدەبیست.
شەڕ دەرسی ئەوەی دائەداین .. بار و تفاقەکانی
بەناوجەرگەی ئارامیدا بۆ بگوێزینەوە
وەك چەقاوەسووترین کوڕەکانی
دەیویست ناو کوچەو کۆلانی هێمنی
بکەینە مەیدانی ڕووبەڕووبونەوە..
هەقی ئەوەی نەبوو
باران تك تك سەرەی گرتووە
لە شەقامی بەهارەوە بۆ ناو تینوێتی بپەڕنەوە..
هەقی ئەوەی نەبوو
ئێمە شانازیمان بەرد بە بەرد
لە دیواری لادێ و شارەکانماندا دادەڕمێ و
ئەوەی دەیبەینەوە وێرانە و زەلیلی یەکتریە..
شەڕ تادەهات گەورەتر دەبوو،
ئێمە تا دەهات زیاتر بچووك دەبوینەوە
شەڕ تا دەهات  خوانی زیاتری دەڕازاندەوە و
ئاگری گەمژەیی جۆش دەداین و
ئێمە تا دەهات ماستاوی زیاترمان سارد دەکردەوە!
شەڕ هێندە زائید و ناقسی کردین
سەر لە جەبریەتی مێژووشمان تێکچوو
ئێمە نەمانکردە ئەو سەفتە پارەیەی
نیشتمان پێویستی پێ بوو
قات و بۆیمباخێکی پێ بکرێت و
چیتر خۆی بە ڕەفیق کەم نەزانێت!
ئێمە شوێن قسەی شەڕ کەوتین ،
ڕۆشتین هەتا ئەوسەری بێڕەحمی خۆمان..
تا هاتینەوە نیشتمان نەمابوو
لەسەر کوتێك کاخەز بە پەلە بەر لە ڕۆشتن
ئەمەی نوسی بوو:
ئێوە ئیتر ناگەڕێنەوە
نایەنەوە بە پەیسەر مناڵە وردکەی خەمەکانتانەوە
حەماسەی جەنگ مەشخەڵانی مانای ئەبەدیتانەو
ناگەڕێنەوە..

من تازە سەری خۆم هەڵگرت بۆ ناو خەونی شاعیران
بۆ ناو ئەندێشەی پاکی وونبوی پێشمەرگایەتی
سەری خۆم هەڵگرت و ڕازی نەبووم
مێژوو پۆخڵترین ژوری خۆیم پێ ڕەوا ببینێ و
خەریکی گسکدانی زوڵمەتەکانی ئێوە و دنیا بم
ئێوەش کە لە شەڕ هاتونەتەوە
ئەوە شەڕە دەیەوێت کەمێك بحەسێتەوە
نەك ئێوە ماندوو.
من بیرەوەریم بە کۆڵمەوەیەو
شوێنێك نیە ئەم جانتا قورسەی شانمی تیا دانێم
نیشتمان ڕاستی کرد
شەڕ ئێمەی برد بۆ خۆیی و حیکایەتی خوێنی
پێ نوسینەوە..
شەڕ ئێمەی لە خۆماندا هەڵکەند و
وەك جەنگەڵیکی پڕ دڕندە لە خۆیدا ڕواندینیەوە!
شەر گەردەلولێکە
لە بیابانە وشك و برنگەکانی هەڵپەوە هەڵدەکات..
زریانێکی زەردباوە لە لوتکە بەرزەکانی فزولّیەتەوە
هێرش دەهێنێت..
شەڕ مەیدانێکی درۆزنە بۆ کردنە دەرەوەی
یەکێك لەو دو سمۆرانەی
لەسەر گوێزێك
بە گژ یەکدا دێن ..
شەڕ ڕشانەوەی زوڵمە بە سەروچاوی بێدەرەتانیدا
وەك چۆن هەندێک جار شەڕ هەڵگەڕانەوەی کۆیلایەتیە
بە گژ بێدەنگیدا..
ئێمە بە فیکەی سەرکردەیەك
هێندە گوێمان سوك بوو
لە قوڵترین خەوی خۆشماندا بوایە ،
بەرزە پێ ڕاست دەبوینەوە..
بەرزە پێ ڕاست دەبوینەوە و
خێرا خۆمان دەبەست و
میلی تفەنگەکانمان دەهێنایەوە و
چاوێکمان دەکرد بە سەد چاو!
بۆ بینینی خشپەیەك کە گومانمان هەبوو لەوەی
لە پێی قسەیەکی بە توێکڵەوە دەهاتە بەر گوێمان..
سیاسەت ئەوماڵە بوو
هەمومانی پۆشتە کردبووەوە بە هیوا و

لەڕو لاوازی ڕوخساری یەکتریمان بۆ نەئەخوێنرایەوە.
سەرۆك بیوتایە : ساڵەهای دەوێت
شان بخەنە ژێر تراکتۆری ئەم نەهامەتیەی
لە ڕاستیدا ئازوقەمان پێی دەگواستەوە و
ئێستا بەسەر خەباتماندا وەرگەڕاوە و
دەبێت ڕاست بکرێتەوە ..
تەمەنمان لە منداڵەکانیشمان قەرز دەکرد و
هەمیشە ملی دەبەنگیمان
لە تاڵە موویەکی سەری سەرۆك باریکتر بوو
کە بەدەم شنەبا چارەنوسسازەکانەوە
لە جیاتی ئاڵامان
هەمیشە دەشەکایەوە ..
سەرۆك دەیگوت:
شەڕ بە پیاو دەکرێت ،
دواجار دەبێت ئەم نیشتمانە هەر شوو
بە قارەمانێتی ئێمە بکاتەوە. .
ئێمە کە دەمێک بوو
ببوینە خەسیوترین پیاوەکانی دنیا!
شەڕ دەیان وێنەی سەرۆکی
لە حەقیقەت بۆ دەنەخشاندین و
ئێمە دڵمان بۆ ئەوە نەدەچوو
وەهم ڕۆژێك بوێرێت بێت و بیانسڕێتەوە
سەرۆکەکانی ئێمە ،
چاویان دەچوە پشتی سەریان
دەچوە پشتی بڕوا بە ئازادی و دیموکراسیان
ئەگەر تۆزێك سێبەری ئێمە
بەر حەوشەی
چلەی هاوینێکی ئەوانی تر بکەوتایە..
شەڕ ، سەرکردەکانمانی سواری زۆر ئوتۆمبێلی جۆراوجۆر کرد
هەر لە ئوتۆمبێلی حەماسە و بڕواو کوردایەتیەوە
هەتا ئوتۆمبێلی دڵنیایی لە گەڕانەوە و
هێنانەوەی ئایندەمان
بە سەلامەتی..
لەو بەینەدا سەرۆکەکانمان لەیلاعەلەوی و مۆنیکا بردنی و
ئێمەش شۆفلێت وپیکابە پڕ لە تەرمەکان
هێنایانینەوە ،
بۆ گۆڕستان!
سەعاتی دەستی شەڕ بە خوێن ئیشی دەکرد

ئێمە پڕمان دەکردەوە
سەعاتی ژیانی سەرۆك بە گەمژەیی ئێمە ئیش دەکات
ئەو دەزانێت چۆن لە ئێمەدا
بەرهەمی بێنێتەوە.
شەڕ ناچاری کردین ببینە جەنگاوەر
ئاخر ناونیشانی هیچ شەڕێك نیە لەگەڵ بیستنیا
لیك بەدەمی بێدەسەڵاتیماندا نەیەتە خوارەوە
بەڵام ئەوەی شەڕ دەیشێلێت ژیانە و
ئەوەی شەڕ بەرزی کردەوە
بوو بە چەپۆك.
ڕەنگە ناچار بین ،
هەمیشە و لە هەر لەحزەیەکدا دیوی شەڕێك بین
بەڵام هەرگیز ڕێی تێ ناچێت بڵێین لەم شەڕەدا
دەبێت فەلسەفەی وجودمان ،
کوژاندنەوەی ئەو قسانەی ئەو بەرمانەوە نەبن
کە بۆیان نیە بێنە گوێمانەوە..
وەك چۆن
ئێمە ئەو پەیڤە حەرامزادانەین
ناهێڵن ببینە میوانی ،
گوێچکە کراوەکانی ئەوان!
شەڕ ڕابوردومی بەسۆغرە گرت
گەنجێتیمی کرد بە کۆڵکێشی قورسترین پاساو
لە بازاڕێکدا
کە ئیتر وەك حەماڵێك
شادمانی لە ئارادا نەمابوو
لەوێوە بۆ ماڵەوەی بگوێزمەوە!
شەڕ هات و ناخی پڕ کردم لە دەنگی ناپاڵم
بۆ شاردنەوەی دەنگی دایکم و
سیمفۆنیاکانی تۆ
لە خەملێنی هەر ڕۆژەی جۆرێکی سروشتدا..
هەرچەندە شەڕ
هەندێك جار وەڵامی توڕەیی ئێمەی لێوە دەڕۆشت
بۆ دەرکردنی ژێردەستەیی
کەچی هەموو جارەکان
خوێن بەختی ئێمەی لەدەست بەردەبووەوە و دەشکا !
بارەگاکانی شۆڕش بەردەوام
لە سنورەکانی شەڕەوە
خەونێك دور بوون ..

بۆ ئەوەی بەبۆنی باروت کاستر نەبم
من دڵم بۆ بۆنی خۆشت
خۆی دەکوتا بۆ نێرگزەجاڕەکانی خوار (چوارتا)* و
بۆلای گوڵ و ڕێحانەی ناو دێراوەکانی دایکم
بەڵام شەڕ کە بە خەستی لە بۆردومان کردنی
ژیانم دەبووەوە و
دەیزانی هێشتا خەیاڵم هەر بریندارە و بەس
بۆ بەرگرتن لە هەڵاتنی
مەزرای بەهار و جوانیشی دەکردە ( ئەرزی موحەڕەمە! (
ئەزیزم ئەی قەرەجترین ژن
شەڕ لە هەموو لایەکەوە زەفەری پێ دەهێنام و
ئەو کەمەشم کە بە برینداری دەرباز دەبوو
لە ئومێدی تۆدا خۆی دەشاردەوە
لە خۆزگەی دۆزینەوەی تۆدا خەو دەیبردەوە
دەیبردەوە بۆ چۆڵەوانی و
بۆ ناشتنی تەرمی ناسۆریم..
شەڕ ئاسمانی هەڵدەخەڵەتاند
بە هەورا بروسکەی هاتنی فڕۆکە جەنگیەکان نەگەیەنێت
بە مناڵانە ڕاکشانی تینوێتی ناخم
لە ژێر فێنکترین ساباتی شینابیدا..
شەڕ ، فیشەك نەماو
نەیگرێتە پەنجەرەی ماڵی
پڕ ڕۆشنایی عەشقم بۆ ژیان..
دەڕۆشتم بۆ قوتابخانە و
لە بەردەم مامۆستادا وەك شۆڕەبی دەکەوتمە لەرزین
ئەوکاتەی سەیری دەفتەری سی لاپەڕەیی
هەر مانگێکمی دەکرد
لاپەڕە نەمابوو شەڕ بە ئارەزووی خۆی
مەرگی تیا نەنوسیبێتەوە!
شەڕ یەکەم شت دەیقیژاند بەسەر لادێکەماندا و
دەیگوت ئاگام لێیە نسرمەکانت
داڵغە بەچیەوە لێ دەدەن!
دەیگوت ئاگام لێیە
کازیوەت چەند ڕوو داماڵراوە
لەوبەر سەرنەپەرژانی پیاوەکانی منەوە..
یەکەم زللە کە بینیم .. شەڕ کێشای بەڕومەتی بەهاردا
یەکەم قوربانی
بینینی لەش و لاری بڵندترین دارچناری سەرەڕێ بوو

گەوزاو لە خوێنی خۆیدا..
ئەزیزم شەڕ هەتا تخووبی تۆ
منی داوەتە بەر ڕێژنەی دەستڕێژ
لە هەر ساتێکدا سەرم بەرز کردبێتەوە
چەپۆکی شەڕ زرمەی لێ هێناوم..
شەڕ هەرساتەو بە قاتێکەوە خۆی نمایش دەکات
نەك لەبەر ئەوەی نەیناسمەوە
بەڵکو لەبەر ئەوەی زۆر زیاتر لەوە دەستڕۆیشتوترە
من بتوانم بە ئێجگاری لێی بزر بم..
شەڕ بۆ ئەوەی بتوانێت بەڕێگاکاندا بڕ بکات
هەرجارەو چاویلکەیەك
لە ئاونگ ولە هەتاو ولە ئاو بۆ خۆی دەسازێنی..
هیچ شەڕێك لەم ناوەوە ڕەت نەبوە و بڵێ
من بەداخی ناڵەی بێبەشانەوە
ڕێگام نەگرتەبەر و
لەسەر جوانیش ناکەمەوە!..
نا ..شەڕەکان هەمویان قسەی حەقیقەت بوون
بە زمانی خوێن
بە زمانی گوڵ
بە زمانی ئاو..
شەڕ خۆی لەهەموو چرکەیەکەوە هەڵدەقورتێنێت
دەست لەگەڵ هەموو سەردەمەکاندا تێکەڵ دەکات
لە پێش هەموشمانەوە
ئاینده دەرگای خۆی بۆ سەر گازی پشت دەخات..
شەڕ زمانێکە هەتاو سێبەری پێ ڕاو دەنێت
شەوگارێکە مێردەزمەی مەرگی
لێوە دەچێتە ناو خەونی بێئاگایی..
ڕێگایەکی درێژە شۆڕشی پیا دەڕوات
بەرەو قوربانیدان..
کارخانەیەکە بێزاری من و
خشەخشی سەفتە پارەی نادیار بەیەکدا دەکێشێت..
شەڕ ڕاوەشاندنی بە ئەنقەستی وەرزەکانە بەکاڵی
بەسەر ساڵە ماتەکانی نیشتماندا..
شکاندنی دەستنوێژی ئاوە بە خوێن
بە نوێژی نیوەڕۆ..
شەڕ دارکاری کردنی تەنهاییم بوو
بە دەستی مامۆستا
داهێنانەوەی یەك بە دوای یەکی شەق بوو

بە نوکی پۆستاڵ ،
لە بێکەسی نیشتمان..
پەلاماری پۆلە کولەی ئافات بوو
بۆ سەر پەڵە گەنمی خولیا ،
لە کاتی خەرمانەیدا..
شەڕ گەردەلولی بەردەوامە و
تا دێت بەهاکانی دنیا بەسەر یەکدا
تێك و پێك دەدات..
ئەوەی کەوا ژیانیش بە ئێجگاری نەڕوخاوە
هی ئەوەیە عەشق شانی بەرداوە!
ئێی .. قەرەجترین ئازیز
لەم قەڕنە ژەنگاویانەی
جوانی لە ژێر لیتەی زەماندا بە کەس نادۆزرێتەوە و
تۆ من بە مەحاڵدا دەپەڕێنیتەوە و
دەمبەیتە سەر کوپەخەزنەکانی دڵت..
دەزانم نازی دواین لق و پۆپی بەرزی
سورەچنارێك لەوەدا نیە
کە لەسەروو هەموو گەڵاکانەوە
لە حەقیقەتی تەنهایی نزیکترە..
هێندەی بەر لە وەرین شادمانە بەوەی
لەوەدایە دەستی بەر ئەگەری هەڵکشان بکەوێت
بۆ مەلەکوت..
لە خەزانوەختێکدا تۆ دڵت گرتۆتەوە و
دەنك دەنك ئەو گۆیژە ئاڵانەم دەگریتەوە
کەس پەلێك تووی ئەوی تر لە چێشتەنگاوێکی چاومەستدا
ڕاناوەشێنێت..
کەس تامی میوەی جۆش و خرۆشی ئەوی تر ناکات..
کەس ئاوڕ لە خەمی کەس ناداتەوە..
تۆ بە ڕێگاوبانی هەموو شەڕەکانا دەڕۆیت و چاو دەگێڕیت
ئەو هەموو حکایەتە کوژراوانەی دەیانبینی
دەتخەنە گریان ،
بە کورتەباڵایی ڕۆمانەکان ..
بە چۆڵەوانی کتێبخانەکانی سەرزەمین..
خودایە ئەو ڕۆژانەی گەمژەیی سور هەڵدەگەڕێ و
دەیکات بە نەڕە نەڕ و
خۆی لە دەستی چکۆلەترین پەپولە ڕادەپسکێنێ
کە هاوسەنگی جوانی و سەرگەردانی ئێمەی ڕاگرتووە
ئەو ڕۆژانە تۆ ،

بۆ خۆتمان لێ دەشاریتەوە !؟
کەس ناوبژیوانی ئەو جانەوەرەی پێ ناکرێت
کە لەبن تەپۆڵکەی هەر هۆیەکەوە بێت
سەر بەرز دەکاتەوە و
زرم دەکێشێت بەسەر و چاوی نەجیبترین هێمنیدا و
ژیان پڕ دەکات لە تەپ و تۆزی خەتا...
دڵگیرترین لادێی ئارامی
بە چڕترین دوکەڵا
ڕەوانەی فەنابوون دەکات..
خودایە خۆ ئێمە تارماییەکانی تەنهایی خۆتین لێرەی ژیان
ئیتر بۆ دەهێڵی ،
دەست لە نووری پاکت بکەینەوە
کە بەخشیوتە بە سپێدە و زەردەپەڕ و
بە ئاسمان و
بە شیعر !؟
ڕەنگە ئەم زەلیلیەی ئێمە دەوای نەبێت
مادام خودامان دڵنەوایی نەکرد
بەوەی ئێمە تا سەر مەرزەکانی مردن
جگە لە ڕەوێك سەرسامی هیچی تر نین
کە هەمیشە فێڵەکانمان تازە و تازەتر دەکەینەوە
بۆ خۆشاردنەوە لە هەیبەتی ڕۆشتنمان و
هەڵنەهێنانی مەتەڵی هاتنمان..
ئەزیزم ئەوەی کە ناشهێڵێ
سام کردنەوەم لەم وەحشەتەی ئێرە زیرەم پێ بکات
تۆی کە خودا بەدەمتەوە پێ دەکەنێت و
جارجارە مشتێکت ،
لێ دەخۆمەوە..
تۆی ..کە پەنایەك بووی بەر لەگەشتنی من
خودا ماڵێکی بۆ خۆی تیا دروست کردی و
لە ڕۆحتا نیشتەجێ بوو.
لە کاتێکدا هەرە قەرەباڵغترین شاری ئەم جیهانە
بستێك تەنهایی ڕۆحی ئینسانی ،
پێ پڕ نەبۆتەوە..
من لەسامالی ڕۆحتەوە (قەدەرێك (
وەك پەلکەزێڕینە دایبەزاندمە ناو باخەکانی لەشتەوە
بۆیە پیاسەیەکی کەنار زەردەخەنەت
لە هەموو شتێکی دی زیاتر شیاوی ئەوەیە
بۆی بکرۆزێمەوە..

من کە سۆفیەك لە پەنهانترین گۆشەی تەنهاییمدا
خواپەرستیەکەی پڕە لە ڕەنگدانەوەی شەوقی تۆ
ئیتر چۆن نورانی نابێت ؟
من ، کە لە ڕۆژانێکدا وەك پڕ بەرترین
دارگێلاسی ئەم سەرزەویە
بۆ یەکەم جار لەوە تێگەیشتم
بێڕەحمیەك وا پیامدا هەڵدەزنێ و
هەر بەسەوزی دەمرێنێت....
ئەو ڕۆژە بوو
تۆ لەوبەری جوانیەوە
زەمیلەت لە تریفەی مانگ دەچنی و
من دەڕژامە ناو کۆشی هەموو وەرزەکانەوە و
تۆ بەدیت نەدەکردم تا بمچنیتەوە ..
بەڵام تۆ هەمیشە لە مندا بوویت و
ئێوارانیش دەگەڕایتەوە ،
بۆ ناو ژووری قانگ دراوی خەیاڵم بە دوکەڵی حەسرەت..
ئەو ڕۆژەی سڵەمیمەوە لە بێوەیی ژیان ،
ئەو ڕۆژە بوو دایکم یەکەم زللەی توندی پیا کێشام
لە سەر هەڵماتێن .
ئەو ڕۆژە بوو مامۆستا خۆی لێ گۆڕیم
بە جەلادترین پیاوی سەر زەوی ..
بە بەرچاوی خودا و من و بێدەسەڵاتی لادێکەمانەوە
دەم و لوتی )دڵە...) * و
مناڵیمی پڕ کرد لە خوێن..
ئەو ڕۆژانە تۆ
خەریکی چاوشارکێ بووی لە گەڵما
لە ناو ئاوی حەوزەکەی مزگەوت..
لە ناو گەڵای چڕو پڕی داربیەکانی تەنیشتماڵمان
هەزاران چۆلەکە وروژمیان بۆ ئێوارانی
ناو داربییەکانی کۆڵانمان دەهێناو
نەمدەزانی تۆ ،
کامیانیت ؟!
ئەو ڕۆژەی بەر دەرگای مزگەوتی گەورە
جێگایەکی پێ بەخشیم بۆ سابون فرۆشتن
ئەو ڕۆژە بوو کە دەستێك بە ئاشکرا خۆی درێژ کرد
بۆ قوڵایی ڕۆحم
گوتی: خۆشحاڵم بە ناسینت ڕێباز
گوتم: ناوی جەنابت؟

گوتی : کەم کەس هەیە لەم بازاڕی دنیایە من نەناسێت
من ناوم (بێڕەحمیە! (..
ئەو ڕۆژەی دوکانی شەربەتێك پێشوازی لە گەرم و گوڕیم کرد
ئەو ڕۆژە بوو
هاوڕێکەم لای دەنگ هەڵبڕینەکانی نایەکسانیەوە بەدیکرد و
لە فێنکترین شەربەتی مێوژ و هەناردا
سالانێکی خۆمان بە خەڵکی فرۆشت...
ئەو ڕۆژەی کچێك لە ئاوارەیی کەرکوکەوە
پەڕیە دڵمەوە و
خۆی بە شیعرەکانمەوە گرتەوە ، ئەو ڕۆژە بوو
نەمدەزانی جگە لە موچوڕکی شیرین
ڕەنگە کۆتایی خەندەیەك چەند فراوانیش بێت
دواجار بگاتەوە دالانی گریان!
ئەو ڕۆژانەی کە دەمگوت :
بەختەوەری ئەو هێشوە ترێیانەن
تەنها لەڕەزەکانی یەکسانیدا دەست دەکەون
ئەو ڕۆژانە بوون ئایدۆلۆژیا
چاوەکانمی بۆ خۆی بردبوو..
ئەو ڕۆژەش سەفەر بۆ یەکەم جار گوتی:
خۆت کۆ بکەرەوە با بڕۆین
ئەو ڕۆژە بوو ئینجا دەمویست بمێنمەوە!
ئەو ڕۆژە بوو جانتاکەم جێی
هیچی وای تیا نەئەبوەوە
لە شادییەکانم و
لە حەسرەتەکانم..
ئەو ڕۆژە بوو تێگەیشتم کە بەڕاستی ئێمە
چەند قایمتر خۆمان بە سنگی دایکمانەوە بنوسێنین
دواجار هەر دەبێت گەورە بین..
چەند قایمتر پێ لە سەر زەوی مانەوە گیر بکەین
هەر دەبێت ئۆغر بکەین!
ئەو ڕۆژە بوو
کە قەڵەم هیچی لە دەست نە دەهات
قسە هیچی پێ نە دەکرا و
ماچ سەری لێشێوا بوو ..
ئەو ڕۆژە ئاخ ئەو ڕۆژە بوو
کە ئیتر نیشتمانی پێچایەوە و
بۆ ئەبەد بە قەد کراوەیی هەڵی گرت..
کە ئیتر ڕەونەقی درەختی ئازیزانمی بڕیەوەو

ماڵی بیرەوەریەکی نوێی پێ دارەڕا کرد..
کە لە ژێریا کەس ناژیت
جگە لە غەریبی خۆم نەبێت!
ئەو ڕۆژە ئاە .. ئەو ڕۆژە بوو
کە فریا نەکەوتم
چایەکی دیژلەمەی تر بە دەستی دایکم بخۆمەوە
بە دەم کێشانی تاڵترین جگەرەی ماڵئاوییەوە..
ئەو ڕۆژە بوو فرمێسکێکی سەر ڕیشە سپیەکەی باوکم
وای کرد نەك من.. هەموو دنیا
خەجاڵەتی بکێشێت لە فیراق !
ئەو ڕۆژە بوو
خودا بۆ یەکەم جار موچوڕکێکی سارد
بێت بە گیانیدا !!!!!!!.....
ئەو ڕۆژە ، ئەو ڕۆژە بوو
تێگەیشتم قوڵترین برین
ڕەنگە بە نازی گوڵێک سارێژ بێت
بەڵام من تازە لە سەر چرپا کۆنەکەی نیشتمان هاتبومە خوارێ و
سەفەر لە سەرم ڕاوەستا بوو
تا هەموو قسەکانی خۆم کۆ بکەمەوە
کە قسە کردن هیچ زەرەرێکی نە ئەژمارد و
باوی گوێ گرتنیش بەسەر چو بوو..
ئەو ڕۆژەی سەفەر کردی بە ڕاست و
من لە بەری ئاگرە گەورەکانی دۆزەخەوە
بەرە و زەمهەریر پەڕیمەوە...
ئەو ڕۆژە بوو
ئیتر دەبوو دایکم بە فرمێسك ئاوپرژێنی
باخەکانی بیرەوەریم بکات
بۆ سەوز بونەوەی جارێکی ترم لە زەویەکانی زاکیرەیدا..
ئەو ڕۆژە بوو
کە جیهانی من لە ژێر خەونی
ساباتە شێدارەکەی مانەوەدا وەك کۆرپەیەکی بزۆز
وەك ساوایەکی خەواڵوو
خۆی کێشایەوە و
دەست و قاچی بە ئێرەی تاراوگە گەیشت!
سەفەر یانی تل بونەوە لە بەرزایی هەر ئۆقرەیەکەوە
بۆ بنی جۆگەلە جرپنەکان..
یانی دەست بەردان لەو پەلە دارەی لە ناو ڕوبارێکی تورەدا
دەستی پێوە دەگری ،

بەتەمای لقە دارێکی پتەو تر لە بڕوا بە فریادڕەسیت..
یانی وردبونەوە لە بەر پێی لەحزە هەرە سادەکان
بەو مانایەی کە ئیتر دوبارە نابنەوە و
جێیان دەهێڵین..
سەفەر بیرهێنانەوەی ڕاستیەکە لە بارەی
ڕانەوەستانی ژیانەوە ،
لە ئاست:
فراوانی کراوەیی باوەشی حەز و تاسەدا..
سپاردنی ڕاسپاردەی جوانیە ،
لە سەوزی گەڵاکانەوە بۆ زەردی وەرین و
لەوێشەوە بە خەونی ژێر ڕاکشانی بەفر و
سەر لەنوێ خاوبونەوەی گۆپکەو چرۆکان!
کەسمان حەز بە پیاسە لەگەڵ سەفەردا ناکەین ،
بەڵام سەفەر دەستی هەریەکەمان دەگرێت و
بە هەموو ڕێگا تایبەتیەکانی ناو
حیکایەتەکانی خۆماندا دەگێڕێت..
سەفەر هەرگیز نامانباتەوە بۆ شوێنانەی ،
پێشتر بردبێتینی..
بەڵام ئێمە زۆر جار
بۆ نایاب ترین نەمام دەچینەوە
بۆ ناوباخەکانی ڕابوردوو
نوێترین خانو دروست دەکەین و
دەرگای سەردەمە کۆنەکانی تێ دەخەین....
سەفەر هەنگاوێکە ژیان لە یەکەم ڕۆژی خۆیدا
پێی فێری دارە دارەی ڕۆشتن دەبێت..
گرتنی پاسێکی کۆستەرە لە ڕۆژی هەینیدا
بۆ ئەوەی بە خاو و خێزانی بێتاقەتیەوە
بچین چادرێك لە ئەزمەڕدا هەڵدەین ،
ڕوو بەڕووی بیرەوەری..
بەرامبەر داهاتوو..
ئێمە بە هەڵە سەفەرمان خوێندەوە
سەفەر جگە لە فیراق .. ویساڵیشە
گەیاندنی خونچەیەکە بە دەمکردنەوە
گەیاندنی گوڵە لە جوانیەوە بە هەڵوەرین
ئاسمان لە ساماڵەوە بە هەور
دەریا لە هێمنیەوە بە هەڵچوون.
من لە ناو هەمو ئومێدێکا بە شکست و
لەوێشەوە بۆ ژێر ڕەشماڵی تۆ

هۆ قەرەجترین ئازیزم..
تۆ کە ماڵێکت نیە .. دەبوو زوتر زانیبام
ئافرەتێکیت لە سەفەر
دەبوو زوتر زانیبام هەر چرکەیەکت سەردەمێکەو
بەشی نەوەیەك بەسەرهاتی من دەکات
دەبوو زانیبام سەفەر
لەرینەوەی مەمکەکانی تۆن لە بەردەم شنەبای زەمەندا
کە دواجار دەبێتە گەردەلولێك و
لە داری وجودمان دەوەرێنێت..
بەڵام بەر لەکەوتنە خوارەوەم بە لقی قەدەری خۆمەوە
من لێرەم چاوەکانم بگرمەوە و
پڕیان بکەم لە ڕۆشنایی و سیحری مەمکەکانت..
سەفەر و تۆ تێك ئاڵانێکن ،
من بشتوانم... نامەوێت جیاتان بکەمەوە
گرێگوێرەیەکن خۆم سەرقاڵ ناکەم بە کردنەوەی
بەڵام دەزانم منتان لە نێوانی خۆتاندا
شەتەك داوە ..
سەفەر لە مندا
هەموو دەنکە وەریوەکانم بەیەکەوە دەبەستێتەوە و
هەرگیز دەستم لێهەڵناگرێ و
ناڵێت تەواو بووم..
ئەگەر سەفەر نەبوایە ،
منداڵی هێندە نازی نەدەکرد بەسەر گەورەییەوە..
گەورەییش هەرگیز ئامادە نەبوو
منداڵی قەڵاندۆشکانی ڕۆژە سەرقاڵەکانی خۆی بکات ..
لەوەتەی تۆش بە خۆت و دوو چاوی تەڕەوە
کە بۆ خۆش کردنەوەی تاوەتەرزەکانی مەراق
دێیتە ژێر چەتری وێستگەی پاسەکانی بوونمەوە ..
دەزانم تۆ سەفەریت بە هەموو جانتاکان و
بەهەموو دڵەکوتێکانەوە ..
دەزانم قسەیەکی تۆ من لە کۆڵ
سەختی ئەم بێنیشتمانیە دەکاتەوە ..
لێم سورە بەڕێکەوتن بە ناو دڵی تۆدا
مانای گەشت کردنە بە هەرچوارلای جیهاندا..
پەڕینەوە لە چەم و جۆبارە هێمنەکانی خۆشەویستیت
یانی گەیشتنم بە ئەبەدیەتی شاگەشکە بوون
یانی وون بونم
لە ناو نزارە چڕ و پڕەکانی تریقانەوە..

سەفەر دیوێکی خەمناکە و دیوێکی ڕوناك
بەڵام کە لەبەردەم پێداگری تۆوە
لەسەر بردنی ڕۆحم لەگەڵ خۆتدا ،دەست پێ دەکات
ئیتر هاوین بە دەست و پلی سوریەوە
لە شاتوو خواردن دێتەوە و
دێتە ژێر سێبەرێکت و
من جوابی سڵاوی ئەدەمەوە!..
تۆ سەفەر پێش خۆت ئەدەی بە ئاراستەیەکدا
کە نەسیاسەت موریدەکانی نەگبەتیمان
بەرەو ئەوێ ڕێنوێنی دەکات
نە مژدەیەکی مەکربازی ئایدۆلۆژیاش بەوێی زانیوە!
سەفەر هەمیشە بەرەو بەختەوەری بەڕێخراوە
بەڵام بە بارێك مەخلوقاتی گوناه و
بە قافڵەیەك ،
پاسەوانی فێڵ و درۆوە!
وەك سەفەری دەیان جارەی نیشتمان بەرەو ئازادی و
دانیشتنی ئاوارەیی ئێستای من وەك کوردێك
لە ناو ساباتی عەشقی تۆدا..
تۆ ئەی قەرەجترین کچ لەسەفەر
لە سەردەمی ورد و خاش بوونی بەهاکاندا
ڕاوەستان بە دیار چییەوە ؟
لە هەر گۆشەیەکی ئەم ڕۆژە بڕوانیت
ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە
چ لافاێکی فێگرتوو ئاوی کردۆتە ژێرمانەوە و
بە ناو ئەو هەموو ساڵەدا بێ ڕاوەستان
تا ئێرەی ڕاماڵیوین..
من لە ناو تۆدا چاوم لە خۆمە
چۆن تازە دەبمەوە و هەمو جارێکیش
بۆ پڕ کردنی سەبەتەیەك هەناری عەشق
وەك ڕیبوارێك خۆم دەگەیەنمەوە ناو باخە ئاڵەکانی مەندییت
بە دوو وشەی گەرم کلیلێکی ئەفسوناویم خەڵق کردووە و
هەمیشە لە کیلۆنی خەیاڵی تۆدا بای ئەدەم
تا کرانەوەی دڵنیایی...
((    خۆشم دەوێی(( !
هەموو جارێك لەبەردەم زرنگانەوەی بەریەك کەوتنی
ئەم دوو وشە کریستاڵیەدا
دەبمە میقاتێکی نزیك لە سەماو
سەر ڕاوەشاندنێکی هێمن لە وەڵامدانەوەی تۆ بەسە

بۆ تەقینم وەك نوێترین كانیاو..
لە سەفەردا تەنها هیوای ڕێبواران دڵنیاییە كە پێی بگەن.
وەك چۆن بازدان لەمبەری ئاوێكەوە
بۆ ئەوبەری مێرگێكی خەوتوو
پڕاو پڕە لە ڕاڕایی لە دەستدان
لە ڕوو بە ڕووبونەوەی نەناسیاو!..
من دڵنیاییم لە دیتنەوەی هەرجارەی تۆدایە
لەو ساتانەی دیسان ڕێگام پێ دەدەی
بێمە ژێر چەتری ڕەنگاڵەییتەوە و
بە هێمنی تەماشای دڵۆپەی باران بكەم..
ئەو ساتانەی تێدەگەم ڕەت بوونی خۆزگەم بەپێخاوسی
بەسەر جادە شوشەییەكانی ڕۆژگاری بوغرادا
چەند گێلانەیە و
لادان بۆ ئەو تولە ڕێگایانەی
تۆ بەرەو حیكایەتی دور و درێژی سەفەر دەبات ،
چەند دڵخوازانە..
ئەو ساتانە ،
من دەگەمە ئەو بڕوایەی شتێك هەیە لە چاوی منەوە
هەموو سێبەرەكانی خوداش پێوەی دەنازن و
دەستیان بە چمكێكی ئەفسانەتەوە گرتووە
تۆ ئەی قەرەجترین ژنی ڕووت
لە خەیاڵدانی مندا..
دڵنیاییم ئاگرێكە و تۆ لە ڕۆحمدا هەڵتكرد
شنەبایەكە و
لە بەرزاییە دڵڕفێنەكانی جوانی تۆوە هەڵدەكات.
دڵنیایی ئەو ساتە فوارە دەكات
كە عەشقم هەمیشە بەڕیوەیە و
تۆش دەڵێی عەشق نابێت ڕاوەستێت ..
ڕاوەستانی عەشق بە دیار هەر دیدارێكەوە
گەیشتنە جێی مردنە بۆ ئەو جێگایە.
پیاسە لە عەشقەوە داهات
ڕێگا عەشق دایهێنا
هێشتا كەس بەوەی نەدەزانی
مانگەشەو بۆچی لە ماخۆلاندایە و
بە شەو سەربان بە سەربانیماڵەكان بەسەر دەكاتەوە
هەتا عەشق پەیژەی نا بە تەمەنەوە و
هەتا موچوڕكە پلە دوای پلە
سەركەوت بەرەو خلود..

دڵنیایی هەناسەدانی بەردەوامی عەشقە
پێگەیینی هەنجیرە بەدەم بە نەرمی ڕۆیشتنی هاوینەوە
بۆ لای هەنارە مێخۆشەکانی ناو باخەڵی پایز
دڵنیایی فڕینی باڵندەکانە
بەسەر سەری سروشتەوە..
پڕ کردنەوەی بۆشاییەکانی چۆڵەوانیە
بە وشە شیرینەکانی جریوە
دڵنیایی خۆڕازاندنەوەی ڕۆحە
ئەو کاتانەی جوانی و عەشق دێنە دیدەنی..
ئەو کاتەی من لەبەردەم چاوەکانتا
وەك بی قەراخ چەم دەکەومە لەرزین
دڵنیایی خواردنەوەی مشتێك ئاوە
وەك چۆن تینوێتی دیوێکی تری جوانیە..
دڵنیایی ئەو تاڵە دەزوەیە
کلافەی ئاڵۆزی گومانەکانمان بە پاساوی مانەوەوە
گرێ دەدات ..
دڵنیایی یاری کردنی عەشقە
لە ناو قوڕوچڵپاوی ئۆردوگای بەهاکاندا
دوای هەزاران کارەسات و کۆڕەوو
هێشتا شەوقدانەوەی
زەردەخەنەکانی سەر لێوی ئومێد..
عەشق سوار تراکتۆریش دەبێت ،ئەگەر بیەوێت
ڕێگای لادێیەکی دڵفراوان لە شارێکی لێقەوماوەوە
کەمێك زووتر ببڕێت ،
بەر لە قەتڵ و عامی یەکجاری..
عەشق بەردەوام ژماردنەوەی دڵۆپە بارانەکانە
دوای ئەوەی هەرجارە و بای هۆیەك لێی تێك ئەدات و
ناچار لە هەوەڵەوە دەست پێدەکاتەوە..
دانیشتنی چوار مشقیە بۆ خوێندنەوەی کتێبی دڵ و
بەردگرتنە لە پەنجەرەی خەیاڵ بە سۆعبەتەوە
بۆ ڕاچڵەکاندنی تامەزرۆیی و
ماندوو بونمە لە کۆتایی کۆڵانی هەر ڕستەیەکدا
کە هەواڵی تۆی لا نیەو
داگەڕانەوەمە بۆ سەری دێڕ..
کە دەتبینم ، بەدەر لەوەی بۆنی ئاشناییت
کۆڵانی تەنهاییم پڕ دەکات لە چرپە چرپی غایەڵەی خۆش
وەلێ هەمیشە خۆم لە سەرەتای تۆدا دەبینمەوە..
هەموو جارێك دەرکەوتنی تۆ ئاوسە

به لەدایك بونێكی نوێم و
عەشق مامانێكی حازرە
لە دایك دەبم و
عەشق ناوكم دەبڕێت و
لە قۆزاخەی دڵنیاییەوەم دەپێچێت!..
تۆ ئەی قەرەجترین سەفەر
كە شوێنێك بە شیاو نازانیت بیكەیتە ئۆقرەگای ئەم دوو شێتیەمان
)هەرگیز ڕانەوەستانی تۆ .. و ..هەمیشە وێڵگەردی من بە شوێنیدا(
دواجار منیش خۆم سپارد بە سەفەر
سەفەرێك ، كە بیرەوەری تیایدا جوانتر نیە لە ئومێد
دوێنێ .. هیچ ڕێگایەكی ناچێتەوە سەر.
منداڵیش لە ئێستادایە نەك ڕابوردو..
سەفەر و عەشق و دڵنیایی
گەواهی لەسەر ئەوە ئەدەن كە هێشتا شتهایەك ماون
شیاوی ئەوەن ژیان بۆیان بمێنێتەوە
تەنها لە پەنجەرەكانیشەوە چاویان بۆ نەگێڕدرێت..
من دەمێكە یەكێك لەو شتانەی بۆی دەگەڕێم و
یاقووتی ماناكەیم خستۆتە ناو جانتاكەی شانی سەفەرمەوە
تۆی قەرەجترین ئافرەتی جێماوی دەستی ڕۆمانسیەتی..
بەناو هەموو قرچەی گەرماكانی بەدبەختیدا
دڵۆپ دڵۆپ عارەقەم بۆ ڕشتی و
پەیڤم بۆ داچاندی و
دارتووی عەشقم بۆ وەراندی و
تۆ لە سمۆرەیەك سركتر و
لە سوێسكەیەك تیژباڵتر بووی
لەگەڵ شەقەی باڵ لێكدانەكانتدا
توێ توێ ئاسمانت ڕشتە ناو چەم و ڕوبارەكانەوە و
من شەپۆل دەدەم لە سەرسامی!
هەموو بەهاكان بەبەرچاومەوە هاڕەیان كرد
ناشیرینی دەمامكەكانی جوانی لە سەر ڕوخساری
خۆی لادا و
مەملەكەت لەبەردەم هەڕەشەكانی خوداشدا عار نانێت
لە كەلی شەیتانەكانی غەدر و فێڵ دانابەزێت و
بەرەو ئەنگوستەچاوترین مێژوو
لێمان دەخوڕێت!
ئەی قەرەجترین بەها
كە هەمیشە دەڵێی لەسەر ئاگری و
تاوێك چیە لەژێر ساباتی بەڵێنە نارنجیەكانی

پیاوە ڕۆبۆتەکانی نیشتماندا ماتڵ نابیت و
من خەنی دەبم
بەو هەموو یاخی بونەی بەرزترین چیای تیا دەبینمەوە
بۆ ڕۆیشتنم لەگەڵ تۆ!
دڵنیایی ئاسمانێکە تۆ بە منی دەبەخشیت
سەفەر ئاماژە جوانەکانی خۆی
لە تۆ وەر دەگرێت..
ئیتر کە نیشتمانێك نیە تیایدا ماڵم هەبێت
سەفەر جوانترین گەڕانە بە دوای بینینی ئەو پەلکە زێڕینانەی
نیشتمانی هیچ کەسێك بە خەونیش نایانبینێ و
سەفەر پڕاو پڕیەتی!
سەفەر یانی تۆ
تۆ یانی دڵنیایی و
من زائید عەشق یەکسانم بە ئێستایەك
کە گۆرانیەکی کۆچەریە بۆ تۆ..
یەکسانم بە بەرچنەیەك ترێ لە ژێر سێبەری ڕەزێکی تۆدا!
ئاە .. ئەی قەرەجترین شیعر
چۆن بەرزە فڕ نابیت بەسەر سەردەم و دوکەڵ و
لە ناو دڵی مندا
لە دەور و زەمانێکدا
کە نوسینەکان پڕن لە تانك و دەبابەی
هێرش کردنە سەر دەڤەرە سادە و پاك و خەواڵووەکان..
کە نوسینەکان جادەی قیرتاوی ناو قەدی کەژ و کێوەکانی سەرسەختین
بۆ گواستنەوەی هەزاران جەندرمەی دڕ و بۆ قڕ کردنی میلەتێك
کە دەیەوێت بێت و بڵێت :( منیش هەم )!
کە نوسینەکان ئاسمانێکی ڕوونن
بۆ ڕەت بوون و بە گژدا چوونی فرۆکە شەڕکەرەکان ،
لەگەڵ ئەو کۆترە شینکانەی زادەی شینایی ئاسمانن و
لەگەڵ ئەو تەیر و تەواڵانەی ،
خوێنی شادەماری مانای کەژ و کێون..
لەگەڵ ئەو گژو گیا و قەرسیلانەی
بەڕاستی و بەبێدەنگی جوانن و
خودا بۆ پشوو دان
بەردەوام لەوێیە!..
کە نوسینەکان مەیدانی
بەردبارانکردنی ڕەت بوونی کچێکی گوڵ فرۆشە
بە خۆیی و زەمیلەیەك خەیاڵی تەڕ و بڕی تازەوە
بە بەهانەی ئەوەی

گوڵەکان وردیلەن و .. زەوقی مەقامی عالیان باڵا!!
ئەی قەرەجترین بەها
ئەی سەفەریترین گڕوگاڵ ،
لە هەموو ڕۆژێك تازە کردنەوەی مندا..
نیشتمان کە تازە لە لایەن ناپاکیەوە مارەکرا ،
من و تۆ سەفەر و ڕەوتی ئەبەدیمان ئاوەدان !!..
ئەفسووس نیشتمان ئەو هەمو نازەی من و تۆی
لە ناوچەوانی خۆی بەستووە و
لە شەوی سووری ڕۆبۆتەکاندا خەریکی شەراب نۆشینە ..
هەرشەوە و ئاهەنگێك بانگی دەکات و
هەر ڕۆژەی سواڵێکی تازە فێر دەبێت. .
نیشتمان گوێی لە من و تۆ نەگرت ،
کە دەمانگوت :
مەهێڵە هەموو کەس ئەسپت زین بکاو
بگەرە ئەو بڕوایەی
)هەرکەس سمێڵی زەرد بوو شۆڕەسوار نیە(
)هەرکەس زمانی لوس بوو خەمخۆرت نیە (
)هەرکەس سوێندی پێخواردی خزمەتکار نیە( ..
نیشتمان ئێمەی شاربەدەر کرد
تازە ڕەنگە خوداش دەستی لە نیشتمان شۆریبێت
تۆ هەموو جارێك دەست دەگریت بەدەمی شیعرمەوە و
ناهێڵی هاوار بکەم (نیشتمان هەر شەوە و لە باخەڵی خەتایەکدایە(
تۆ هەموو ڕەنگە جوانەکانی نیشتمانت ڕشتۆتە ناو چاەکانتەوە و
منی وێڵگەرد تیایدا وچان دەدەم..
وەلێ لەم سەفەرەدا
بنی پێمان دەچێت بە نوکی بەردە تیژەکانی
سەر ڕێگای دژواری و
سەرکۆنەی نیشتمان دەکەین..
نیشتمان و خەتام بۆ لێک جیا ناکرێتەوە
نیشتمان کە هەر ڕۆژەو جەستەی (دوعا )یەکی خولیای
هەنجن هەنجن دەکەن و
بیرەوەری پڕ دەکەن لە خوێن
کەچی متەق لە دەمیەوە نایەت..
)عەیبترین شت ئەوەیە بەشێك لە ئاسمان بە سیاج بگریت و
بڵێی ئەمە هی منە
تەیری بەڵەد و نابەڵەدی هیچ کەسێك بۆی نیە پیایدا بفڕێت (
بەڵام هەر ڕۆژەو زرتەبۆرێك سوارسەری نیشتمان دەبێت و
دەیداتە دەم ئەشکەوتی بیرکردنەوەی خۆی و

لەسەرچاوچنۆکی خۆی تاپۆی دەکات..
نیشتمان تاقەتی چوو هێندە ناکەس بەچە
لە خۆی دوور بخاتەوە
مێشکوژەکەی فڕێ داوەتە ئەولاوە و
ئامانەتەکانی خۆی داوە بە کتێبەکان و
وەسێتی دواینی خۆی بۆ بێزاری نەوەکانی
لە بێدەنگیدا نوسیەوە ..
ئێستا نیشتمان لە شەوێك دەچێت
گلۆپی هیواکانی کوژاندبێتەوە و
لە قوژبنێکی بێکەسیدا سەری نابێتەوە..
لە بەر بەیانێك دەچێت
کە لە بێڕەحمی لەشکری عەجەم جێمابێت.
تا غەدر حەز بکات نیشتمان مەلول
دەڵێی خۆڵی مردووی پیا کراوە.
ئێستا ئیتر نیشتمان وەك جاران لە سوێی بانیژەوە
چاو بۆ هاتنەوەی کوڕەکانی ناگێڕێت لە قۆڵی شۆڕشەوە..
چاو بۆ گەڕانەوەی کۆترە سپیەکانی ناگێڕێت
بەسەر لەپی وەرزەکانی بەڵێنەوە
بەڵێنی کوڕەکانیەوە..
ئێستا نیشتمان ناوێرێت سەرژمێری کچەکانی بکات و
وەك جاران بڵێت:
)کالێ) دیار نیە .. کێتان لەسەر کانی بوون ،
ئەوتان لەوێ نەدی؟
ڕەنگە پێی لە خەیاڵی (کوردە) گیر بوبێت و
گۆزەی لەسەر شان بەربوبێتەوە..
نیشتمان ڕووی نایەت بڵێت : کوا شەوبۆ م
کوا مهاباد و کوا دوعا و
کوان ، کچە شیرینەکانی ترم کوان ؟
نیشتمان کە ڕۆژی جومعەی لێ دێت
ڕووی نایەت لە ماڵ بێتە دەر و بچێت بۆ زیارەتان..
ڕووشی نایەت لەگەڵ کچە قەیرەکانیدا بێتە بەردەرگا و
لە دڵی خۆیدا بڵێت ئەی شاسواری بەختی من
حەیف درەنگی کرد و تۆ نەهاتی!!
نیشتمان ئێمەشی ئیزندا و
گوتی بڕۆن سوار سەفەری خۆتان بن و
ئامان نەگەڕێنەوە !
نەگەڕێنەوە .. کە من حەوسەڵەوی ئەوەم نەماوە وەك جاران
هەیوانە گچکەکەی خۆمتان بۆ گسك بدەم

که من شوێنێکم نەماوە لە بەر فرکان فرکانی کۆشك و ڤێلاکان
ساباتێکی فێنك لە سۆزی دایکایەتی تەرخان بکەم  بۆ ئێوە و
بڵێم : وەرن جانتا ڕەشەکانتانی تیا دابنێن و
خەیاڵم لای ئەوەش بێت
بزانم چیتان بەدیاری بۆ هێناوم!
ئەزیزم ئەی قەشەنگترین متمانە
لە بەردەم تەڵخ بوونی سەرجەم ئاوێنەی
ڕۆژگارە ڕوونەکانی هاودڵی
لە مندا تۆ هەتا خوا حەز بکات پیامدا بڕۆ
بەرەو بەرزاییە سەر بەتەمەکانی سکاڵا..
بەرەو لوتکەی چیا سەر بەبەفرەکانی تێڕامان
که ئیتر نیشتمان کەپرێکیشی پێ نەماوە
بۆ ئۆقرە گرتنی ئینتیما..
ئەزیزم منیش لەبەردەم ئەم هەموو خەزانەی
هەموو جارێك سۆزە پێگەیوەکانم دەوەرێنێت و
دەمکات بە نامورادترین فەرشی دنیا لە ئاست
دەرنەکەوتنی ئازیزانم بەسەر وەختی خەمۆکیما
بەختی خۆم لە دۆزینەوەی
هەنگوینی ترین پێکەنینی تۆدا تاقی دەکەمەوە
که ناو دەمی ژیان زۆربەی جار دەڵێی ژاری مارە!
وەك کەمدووترین پیاوی دنیا
بەلای ژاوەژاوی ڕۆژگارە زۆربلێکاندا ،
لەگەڵ بادا دەڕۆم و .. ڕێگایەکی تۆ دەگرمە بەرو
پرس ناکەم لەوەی کەی دەگەمە بەردەم پرشنگدانەوەی
خشڵی پڕ بەهای ناسکیت
که خۆرەتاو بە شانازیەوە ،
هەمیشە شیعری پێ دەنوسێتەوە..
دەڕۆم و بەدەم ڕێگاوە
لە بەردە وردە ڕژاوەکانی ئەو ناوە ورد دەبمەوە و
دەگەمە ئەو بڕوایەی هەر بەردێك و قسەیەکی مەییوی
ئەو دوو ڕێبوارانەن کە ڕۆژێك لە ڕۆژاندا
بە دوای چارەنوسی خۆیاندا لێرەوە ڕەت بوون..
هەرچی بەردێکی ڕەشی دنیایە
نائومێدی ئەو کەسانەن لە بەردەم کابوسی شەوە یەڵداکانی خۆیاندا
لە تاوێری لوتکە بەرزەکانی سەبرەوە هاڕەیان کرد و
ڕژانە ئەم ناوە..
ئەم بەردە لوس و پولەکەییانەش
ئەو ماسیە ڕەنگاوڕەنگ و جرپنانەی خەیاڵی منن

که له حەوزی نەشمیلەیی تۆوه خزان..
بیرەوەری بەرد له گێڕانەوە نایەت
له ناو بیرەوەری بەردا بەر لەهەر شت
چاوت بە خۆ مەڵاسدانی من دەکەوێت ڕوو بە گەردەلوول
که لەوەتەی هەم هەوارم لێك هەڵدەوەشێنێت
بەرد و کورد
دوانەی مانایەکن .. سانا نیه لێك جیا کردنەوەیان
بەرد نەبێت ئێستاش کورد پشتیوانێکی نیه
که کورد پێی له نەگبەتیەکانی خۆی گیر دەبێت و
هەڵدەخلیسکێت ودەکەوێتە کەندەڵانەکانی مێژووەوە
بۆ هەستانەوە دەبێت هەر دەست
بە بەردەوە بگرێتەوە ..
ئەی قەرەجترین مەئوا
له دورە دەستترین خۆزگەی منەوە ،
له نزیکترین داڵغەی بەردەوامی ڕۆحم
کوا شوێنێك ماوە ناشیرینی نەیخستبێتە ژێر دەسەڵاتی
قەڵەمڕەوی خۆیەوە و شیاوی ئەوە بێت
تۆ دەواری تیا هەڵدەیت..
بەردێك له پەنجەرەی تەنهاییم بگرە و
دەرگام سەرگازی پشت بخەم ..
چوون دەزانم هەمیشە لەناو کەمدوویی مندا
دەچیتە پشت پەردەی ئاڵ و واڵای خەیاڵم و
دەڵێی وای چ گەرمایەکی نەخۆش بەربۆتە گیانی دەرەوە و
کەم سێبەر ماوە تەڵەیەك نەبێت له لایەن دۆزەخی ڕۆژگارەوە
بێدودڵی خۆت دادەکەنی و
بە جلەکانی ژێرەوەتەوە ڕادەکشێیت و
پشوو دەدەیت و
سەرخەوەکانت دەشکێنیت!..
دەزانم دوایش هەرچۆنێك و بۆ هەر کوێ دەچیت
ئەوناوە پڕ دەبێت له پولەکەی زێڕینی شیعر
که لەزەردەخەنەکانتەوە و له چاوانتەوە دەوەرێن..
من دەمێکە خۆم بە کۆکردنەوەی ،
عیشوەکانتەوە خەریك کردووە..
ئەی تەڕترین مانای وجودم
دەترسم ڕۆژێك له تینوێتی تۆدا بخنکێم
ئاو بە خۆیدا بشکێتەوە و
هیچیشی له دەست نەیەت!
دەترسم مردن نامەردانە دەستی خۆیم لێبوەشێنێت و

هێشتا ئاوڕم لە گرینۆکترین مناڵیم نەدابێتەوە ،
تا چۆڕێك ئومێدی نزیك بونەوەت
بە سواری فێنکترین شیوباوە
بکەم بەدەمیەوە و
ژیر بێتەوە!
دەترسم مردن بەر لە هاتنی خۆی
بە سەڵیە نائومێدی بگرێتە توانا و بڕستی هەنگاوەکانم و
پڕم بکات لە تەرمی شێواوی هەوڵ و
هەر ڕۆژە و لە پرسەی موچوڕکێکی خوێن شیرینما
ڕیشی حوزنم پێ بهێڵێتەوە..
دەترسم تۆ لەبەردەممدا هێندە دوور بیت
دڵم پێ بەسەر ناسکترین ئاوێنەی بڕیارمدا بکێشێ و
چاوم لەوە نەبێت نزیکیت وردو خاش دەبێت..
ئێی قەرەجترین موسافیر
بەناو دەڤەری پان و پۆڕی خەوبینینی مندا
کە هەردەمەو کازیوەی بەیانێکمی و
فریشتەکانی جوانی واق وڕماوانە باست دەکەن و
دەڵێن : ئەمڕۆ بینیمان لێرەوە ڕەت بوو
سڵاوێکی لێ کردین و
خۆرەتاو لە خۆشیدا دەستی کرد بە لێسانەوەی
شوێن پێکانی..
ئەی قەرەجترین پەنا
بەرلەوەی ناهەقی لەمە زیاتر پیامدا هەڵشاخێت
بەرلەوەی دنیا بە هەردوو پێی زەبەلاحیەوە
بێتە سەر سەری خەوبینینم
بەرلەوەی مەرگ بێت و لە ژیانم بڕفێنێ
من توندتر چنگ لە عەشقت گیر دەکەم
وەلێ بەرلەوەی ئومێدم بکەوێت بەدەما
بهێڵە دواجار دڵم ،
خۆی بە تۆوە بگرێتەوە.
چونکە ئێستا لەسەر لوتکەی شاخی ئەم شیعرەوە
ڕاوەستاوم و
دەزانم ئێستا نا تاوێکیتر
زەمەن پاڵێکم پێوە دەنێت و دەکەومە خوار
لە هەموو حاڵەتێکدا مەرگی خۆمم لێوە دیارە
تەنها مەگەر ئەوەی ،
بکەومە ناو
ڕوباری پەمەیی ماچتەوە ......

....................................

*چوارتا : مەبەست لە قەزای چوارتایە لە ناوچەی شاربازێڕ.

*دڵە : مەبەستم (دڵشاد ئەحمەد) ی ئامۆزامە کە لە پۆلەکانی خوێندنی سەرەتاییدا پێکەوە بوین و حاڵەتی خوێنپژانی لوتی ئەو بە هۆی لێدانی مامۆستاوە بۆ هەمیشە لە بیرەوەریمدایە.